وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان – سلێمانی
لیژنەی باڵای تاقی کردنەوەکان
٢٠٢٤ – ٢٠٢٥

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
معهد كوردستان التقني / السليمانية
لجنة الامتحانات العليا
٢٠٢٤-٢٠٢٥

**Kurdistan Region / Iraq**
**Kurdistan Technical Institute**

# (ڕێنمایی فێرخوازان)

ئاگاداری سەرجەم فێرخوازان دەکەین، پێویستە پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

١-تاقیکردنەوەی تیۆری کۆتایی خولی یەکەمی سێمستەری سێیەم لەڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/١٤)دەستپێدەکات، تاوەکو ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/٢٤). تاقیکردنەوەکان ڕۆژانە لە کاتژمێر(٩:٠٠-١١:٠٠) دەستپێدەکەن.

٢- پێویستە فێرخواز (٥)خولەک بەر لەو وادەیە، لەهۆڵەکان ئامادەبن.

٣- پێویستە فێرخواز لەسەرەتادا لەسەرپرسیارەکان وەڵامبداتەوە و پاش دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی وەڵامەکەی، بیخاتە سەر سۆماکە.


٤-نابێت لەیەک هەڵبژاردە زیاتر هەڵبژێرێت، لەئەگەری هەڵبژاردنی بژاردەی زیاتر، ئەوا بە (سفر) بۆت هەژماردەکرێت.

٥-پێویستە کۆدی خۆت لەسەر پرسیارەکەش بنوسیتەوە.

٦-نابێت سڕینەوە لەسەر سۆماکە هەبێت، یان بدڕێت، بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبێت لە نەخوێندنەوەی هەڵبژاردنەکەت لەلایەنی سیستمەکەوە.

٧-مەرجە بەقەڵەم جافی (شین) یان (ڕەش) سۆماکە پڕبکرێتەوە.

٨-وەڵامدانەوە تەنها بەڕەشکردنەوەی ناو بازنەکە دەبێت و بەمشێوەیەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە.



٩-هۆڵی تاقیکردنەوەکان بەکامێرا چاودێریدەکرێت، ئەگەر هەرجۆرە گزیەک تۆماربکرێت، ڕێکاری یاسـایی لەگەڵدا دەگیرێتە بەر، تەنانەت ئەگەر دوای کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەش ئاشکرابێت.

١٠-فێرخواز بەبێ بـاج، نـاچێتە هۆڵی تـاقیکردنەوەوە پێویسـتـە لەنـاو هۆڵ و ڕاڕەواکـانی پەیمانگەدا بـاج هەڵبواسرێت.

١١-پێویسـتـە هەموو پێـداویسـتیەکـانی تـاقیـکردنەوە لەگەڵ خۆتـان بهێنـن لە (قەڵەم جـاف، حاسیبە،.......هتد)، چونکە ڕێگە بەوەرگرتنی نادرێت.

١٢-هەر فێرخوازێک کاتی تاقیکردنەوە دوابکەوێت، خۆی بەرپرسیارە.

١٣-هەر فێرخوازێک بەگزیەوە بگیرێت، ئەوا ئەو سمیستەرەی بەکەوتوو هەژماردەکرێت.

١٤-وەڵامدانەوە تەنها بەقەڵەم جافی (شین) یان (ڕەش) دەبێت.

١٥-دەبێت فێرخواز قستی (کۆتایی) پارەی قیستی خوێندنی سیمستەرەکەی ڕادەستی ژمێریاری کردبێت.

١٦- تاقیکردنەوەی پراکتیکی سـێمسـتەری (سـێیەم) لە ڕۆژی یەک شـەمە، ڕێکەوتی ( ٢٠٢٥/١٢/٢١) دەستپێدەکات.

١٧-هەر فێرخوازێک گزی بکات، پاشـان تەرقین قەید بکرێت، بەهیچ شێوەک مافی گەڕاندنەوەی بۆ خوێندن نییە.

**لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان**